# مرۆڤ لە تەمەنیدا یەک جار دڵ دەداو دڵ دەڕفێنێ

ژینی چاوەڕوان    بەشی یەکەم




من پێموایە مرۆڤ لەهەموو تەمەنی خۆیدا تەنیا یەک جار دڵ دەداو دڵ دەڕفێنێ. لەم سۆنگەیەشەوە باوەڕم بەو کەسانە نیە کە هەر ڕۆژەی دڵی خۆیان بە یەکێک دەدەن و خۆشەویستی خۆیان دەگۆڕن. من متمانەم بە بۆچوونی خۆم هەیە و بەو شێوازەش خۆشەویستیم کردووەو دەیکەم، زۆر جارانیش لە ناخەوە داخ و خەفەت بۆ ئەوکچ و کوڕانە دەخۆم کە یاری بە دڵ دەکەن و ڕێڕەوی خۆشەویستی لەکەدار دەکەن.

من نامەوێ ڕاستیەکانی ژیانی خۆم بشارمەوەو تەنیا باشیەکانی خۆم بگێڕمەوە، یان تەنیا بەرانبەرەکەی خۆم تۆمەتبار بکەم و خۆم لە کێشەکە دوورە پەرێز بگرم. من لە پۆلی چوارەمی ئامادەیی دەمخوێند کە دڵم بە گەنجێکی هاوتەمەنی خۆم دا و دڵی ئەویشم ڕاکێشایە لای خۆم. تا خوێندنی ئامادەییمان تەواو کرد، بیرمان لە کاتی زەماوەند نەکردبۆوە، دوایی کە هەردووکمان لە زانکۆ وەرگیراین، ئیدی ئاسۆی داهاتوومان ڕوونتر دەبۆوە، دەمانزانی کەی خوێندن تەواو دەکەین و کەی دەتوانین ماڵی هاوبەش پێکبهێنین.

ساڵی یەکەم و دووەمیشمان بەبێ گرفت بەڕێکرد، لە نێوەڕاستی ساڵی سێیەم دابووین کە ئەو لەلایەن ڕژێمەوە گیرا، ماوەی چەند مانگێک لە ژێر ئەشکەنجەو ئازاردان مایەوە، دواتر بەهۆی خۆڕاگری و نەدرکاندنی ئەو زانیاریانەی کە لێیان دەویست ئازادبوو، ئەو ساڵە هەردووکمان خوێندنمان لە کیس چوو، ئەو بەهۆی گیرانەکەیەوە، منیش بەهۆی خەمی گیرانی و دابڕانەوە. دوای ئازادبوونی ڕوانگەی بۆ ژیان گۆڕابوو، پێیوابوو دەبێ ملی ڕێگەی خەباتی چەکداری بگرینە بەرو ببینە پێشمەرگە، من دەمزانی ماڵی ئێمە بەو پێشنیارە ڕازی نابن، ئەوان دەیانویست کچەکەیان زانکۆ تەواو بکات و شانازی پێوە بکەن، کەچی خۆشەویستەکەم ڕق و تۆڵەی لەلا گەورەتر ببوو، پێیدابوو تەواوکردنی خوێندن هیچ سوودی نیە، کاتی ئەوەیە دەست بدرێتە چەک و ڕاوی سیخوڕ و تاوانباران بکرێ.

بۆ ئەو مەبەستە چەندین جار لەگەڵ یەکدی کۆبووینەوە، ڕاوێژمان کرد، ڕوانگەو بۆچوونەکانمان سەراوبن کرد، ئەو لەسەر ڕۆیشتن بەرەو شاخ موکوڕ بوو، من نەمدەویست دڵی بشکێنم، بەڵام هەم لە ماڵەوە ڕێگەی ئەوەم پێنەدەدرا لە ساڵی سێیەم دەست لە خوێندنی زانکۆ هەڵبگرم، هەمیش خۆم تەواوکردنی خوێندنم بەباش و سوودبەخش دادەنا، هەرچۆنێ بوو ئەو چەکی پێشمەرگایەتی کردە شان و منیش درێژەم بە خوێندن دا.

ئەگەر بڵێم تام و بۆن و چێژی خۆشەویستی گەورەتر ببوو، درۆم نەکردووە، من ئیتر هەستم بۆ پیرۆزی خۆشەویستی زۆرتر بوو، هیواو ئاواتەکانم گەورەتر ببوون، تامەزرۆی دیدارو بەیەک گەیشتنەوە تامی ژیانی لەلا خۆشتر کردبووم.

من هەر لەسەرەتاوە بەڵێنم بە ویژدانی خۆم و بەڵێنم بە خۆشەویستەکەم دابوو کە وەفادار دەمێنمەوەو دڵ گۆڕی ناکەم، بەوهۆیەوە چرای هیواکان ڕێگەی داهاتوویان بۆ ڕۆشن دەکردمەوە، خۆویستانە بەرەو دەریای ئەڤین شۆڕدەبوومەوەو چێژم لە شەپۆلەکانی وەردەگرت، بە تایبەتی ئەو جارانەی کە ئەو بە دزیەوە دەهاتە شار، بە ترسەوە لە ماڵێکدا ژووانمان دەگرت، وامدەزانی هەموو جیهان لەنێو لەپی دەستی مندایە، ملوانکەی ئەڤینم لە شادی دەهۆنیەوەو لەملم دەکرد. ئیدی توانای بیرکردنەوەم گەورەتر دەبوو، حەزو ئاواتەکانم تێکەڵاوی حەزو ئاواتی نەتەوەکەم دەبوون، منیش خۆشەویستەکەی خۆم دڵ گەرمتر دەکردو ئەڤین و وەفام بۆ دووپات دەکردەوە، بەڵێنی داهاتوویێکی ڕەنگاورەنگم پێدەدا.

بنەماڵەی خۆشەویستەکەم شۆڕشگێرو تێکۆشەربوون، بەوهۆیەوە دووچاری دەردەسەری، گیران و ڕاونان دەبوونەوە، لەڕێگەی کوردایەتی و نیشتمان پەروەریدا یەکێک لە براکانی گیرا و لە سێدارە درا، براێکی دیکەی لە شەڕێکی نابەرابەردا شەهید بوو، دایک و باوکی ماوەیەکی زیندانی کران، تەنیا خۆشەویستەکەی من مابۆوە، خزم و کەسانی زۆریان بۆ دەهێنا کە دەبێ ژن بێنێ و ئاگردانی بنەماڵەکەیان خامۆش نەبێتەوە، ئەو لە دیدێکی دیکەوە سەیری ژیانی دەکرد، بەڵام خزم و کەسەکانی پێداگریان لەسەر ژنهێنان دەکردەوە، یەکێک لەمامەکانی کچێکی خۆی پێشکەش کردبوو، من زۆر بە وردی ئاگام لەو کێشانە هەبوو، بەڵام هێندە بە خێرایی تێپەڕ دەبوون، توانای ئەوەم نەبوو کە کۆیان بکەمەوەو چارەسەریان بۆ بدۆزمەوە. بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەو کێشانە ئەو سەرەڕۆیی بە گیانی خۆی کرد، هاتەوە نێو شار، ماوەی هەفتەیەک بەنهێنی مایەوە، ڕۆژانە یەکترمان دەبینی، ئەو لە خەفەت و ژانەکانی ژیان هەڵکێشرابوو، دوو بەرداشی گەورە دەیانهاڕێ. سەرەنجام من پێمگوت: " من دڵی تۆم لەلای خۆم دیل کردووە، دڵی خۆشم بەتۆ سپاردووە، ئەگەر ژیانی هاوبەشیش لەگەڵ کچە مامەکەت پێکبهێنیت، من هەر بەڵێنەکەی خۆم ناشکێنم و وەفادار دەمێنمەوە" منیش وەکو زۆربەی کچانی ئەم وڵاتە حەزم دەکرد ماڵ و ژیانی خۆم هەبێ، دەمویست خۆشەویستەکەم خۆی ڕادەستی ڕژێم بکاتەوەو جلی سەربازی لەبەر بکات، من دەمزانی ئەو هەرگیز خۆی ڕادەستی پێشنیارەکانی من و ڕژێمیش ناکاتەوە، ئەمە دواین دیدارمان بوو، ئەو بە چاوی پڕ لە ئەشک و منیش بە کوڵی نیگەرانیەوە لەیەکتر جیابووینەوە.





هەمووی چەند مانگێکی تێپەڕنەکرد هەواڵی زەماوەندی ئەوانم پێگەیشت. من ناڵێم ئەو هەواڵە پەست و نیگەران و دڵتەنگی نەکردم! بەڵکو ماوەی یەک هەفتە لە جێگە کەوتم و توانای ئەوەم نەبوو بچمە زانکۆ. من لەنێو لێکدانەوەکاندا دەژیام، من لەژێر گوشاری بنەماڵەکەمدا و زاڵبوونی خۆویستیدا نەمتوانی ژیانی هاوبەشی لەگەڵ پێکبهێنم و بەرەو شاخ بڕۆم، ئەویش لەژێر گوشاری خزم و کەسانی ناچار بوو کە ژیانی هاوبەش لەگەڵ ئامۆزایێکی دروست بکات کە من دڵنیابووم ڕایەڵەی خۆشەویستی لە نێوانیان دا نەبوو.

من دەمویست ئەو هەواڵە لە نزیکەکانی خۆم بشارمەوە، بەڵام وەک دەڵێن قسە بکەوێتە زارێک، دەکەوێتە شارێک! ئیدی هەرزوو ئەو هەواڵە خۆی لە گوێچکەی نزیکەکانی من کوتا، ئەوانیشی بۆ دوو سەنگەر دابەش کرد، یەکەمیان شادمان ببوون، سەرکۆنەیان دەکردم، هەستیان بریندار دەکردم و توانجیان لێدەدام، دوومیان خەمیان بۆ دەخواردم و سەرکۆنەی ماڵەوەیان دەکرد کە ڕێگەیان پێنەدابووم بە کامی دڵی خۆم ژیانی هاوبەش پێکبهێنم.

ڕەوڕەوەی ژیان پەکی خۆی لەسەر کەس ناخات، ئیدی لەخولانەوە ناکەوێ. وردە وردە هەواڵەکان کۆن دەکات و فەرامۆشیان دەکات. ئەو هەواڵەش تەمەن درێژ نەبوو، هەرزوو لەلای نزیکەکانی من بەردێکی لەسەر دانرا.



ئەوان پێیانوابوو کە ئیدی من بە دوای کەسێکی دیکەدا دەگەڕێم و بیر لەو کەسە ناکەمەوە کە دڵی خۆم پێداوەو دڵی ئەویشم دیل کردووە، چونکە زۆرینە خەڵک لەو باوەڕەدایە کە ئیدی دوای ئەو ڕووداوانە دڵەکان هاوێر دەبن و بۆ شوێنی خۆیان دەگەڕێنەوە.

ئەوێ ڕۆژێ لە ئێستا جیاواز بوو، وەدەستهێنانی هەواڵ ئاسان نەبوو، هەم هۆیەکانی پێوەندی کردن وەکو ئێستا پێشکەوتوو نەبوون، هەمیش سەردەمی ترس و تۆقاندن بوو. سێبەری بەعسی دڕندە لەسەر سەرانەوە شەپۆلی دەداو وڵاتی لە تاریکی هەڵدەکێشا. بەوهۆیەوە من نەمدەتوانی بەدوای هەواڵیدا بگەڕێم، هەرچەندە لە ڕێگەی هاوڕێ دێرینەکانیەوە بیستبووم کوڕێکیان بووەو ناویان ناوە گەشبین. دوایی کە شەڕی قادسیەی شووم ڕاوەستا، گوشارو پەلامارەکان لەسەر ناوچە ئازادکراوەکان زۆرتربوو، ئەوان ئاودیوی سنوور بوون، ئیدی هەر بەیەکجاری ئاگام لێبڕا.

من خوێندنم تەواو کردبوو، لە فەرمانگەیەک دامەزرابووم، هاوکارەکانم ڕێزیان لێدەگرتم، خزم و کەسەکانم زۆربەیان شانازیان پێوەدەکردم، لەزۆر شوێندا بە شان و باڵیان هەڵدەدام و بە کەسێکی زیرەک و سەرکەوتوویان دادەنام، بەڵام ڕاستەیەکی من لە دڵەوە وێران بووم، لە بێ دڵ دا ڕۆژگارم بەڕێ دەکرد، لەنێو لێکدانەوەو خەیاڵ دا نقوم ببووم، بیرم لە رابردوو دەکردەوە، چاوم بۆ داهاتوو دەگێڕا، پەرۆشی هەواڵ و زانیاریەکان بووم، من نەمدەتوانی ڕق هەڵبگرم و دڵەکەی بۆ ڕەوانە بکەمەوە، نەشمدەتوانی دڵی خۆمی لێوەربگرمەوە، بەوهۆیەوە ناخ و دەروونم لەنێو ئاگری دۆزەخدا دەسووتان و کەسیش هەستی پێنەدەکردم. لەو ماوەیەدا خوازبێنیم زۆر بوون، هەموویانم ڕەت دەکردنەوە، دایکم و براکانم سەریان لە من سوڕ مابوو، خوێندنم تەواو کردبوو، دامەزرابووم و مووچەی خۆم هەبوو، ئەوەش گومان و نیگەرانی لە دڵی ئەواندا دەچاند. ئەوان ڕێنوێنیان دەکردم و داویان لێدەکردم کە یەکێک هەڵبژێرم، بەڵام من بە بیانۆی ئەوەی کە دەمەوێ پاداشتی دایک و باوکم بدەمەوەو چەند ساڵێک خۆم بۆ خزمەتکردنی ئەوان تەرخان بکەم، ڕێنوێنی و ئامۆژگاریەکانی ئەوان لەژێر پێ دەنا. ڕەوشەکەش هێندە گران و پڕ مەترسی بوو کەس نەدەپڕژایە سەر ئەوەی لێکدانەوە بۆ بیانۆکانم بکات. براکانم دەستیان بە کڵاوی خۆیان گرتبوو کە بای نەیبات. دایک و باوکم هێندە پەرۆشی کوڕەکانیان بوون کە بە دەگمەن دەپڕژانە سەر ئەوەی بەرنامەڕێژی دیکەم بۆ بکەم، هەموویان بەو باوەڕە گەیشتبوون کە ڕەوشەکە ئاوارتەیە، زۆر جاران باوکم کە مرۆڤێکی دنیا دیدەبوو، دەیگوت:" ئەم ڕەوشە وەکو هەورێکی چلکن و پڕ گێچەڵەکە، نازاندرێ کەی و لە کوێ ڕقی خۆی دادەبارێنێ، بەڵام دڵنیام کە وەکو هەوری بەهاران تەمەنی کورت دەبێ و زوو دەڕەوێتەوە" ئاکام وادەرچوو، ڕژێم لەبەرانبەر ڕق و تۆڵەی جەماوەر بە چۆک داهات و هێزەکانی شار بەدەر کران، پەڕیوەکانی ئەو دیو سنوور گەڕانەوە، هەریەکەیان بەدوای خۆشەویستانی خۆیان دەگەڕان و سۆراخیان دەکردن. من نەمدەزانی چۆن و لە کوێ هەواڵی بپرسم، لە ناخەوە تامەزرۆی دیداری بووم، بەمەبەستی هەواڵپرسینی ئەو سەردانی کۆنە هاوڕێیەکم کرد، هێندەی نەمابوو دڵم ڕابوەستێ، هەواڵی بریندارابوونی خستە دەستم، ئەو هیوای بە چاک بوونەوەی نەبوو، پێیوابوو مەرگ لەباوەشی دەگرێ و بۆ هەمیشە بزری دەکات.

---

# دەست و کولتوور

کەواتە ئازادبوونی دەست هەر بە تەنیا پەیوەندی بە شوێنی دەستەوە لەسەر لەش نییە، بەڵکو پەیوەندێکی توندیشی بە کەلتوورەکانیشەوە هەیە کە لەش بەسەر خوارەوە و سەرەوە دابەش دەکەن، خواروو دەخاتە خانەی حەرامەوە و بەشی سەرەوەش ئازادو حەڵاڵ دەکەن!

لە کولتووری کوردیشدا ئەم دابەشکردنە هەر ڕاستە: کورد(قۆڵی ڕووت)ی زیاتر لە (قاچی ڕووت)پێ قەبووڵ دەکرێ. ڕاستە لە کولتوری خێڵدا سەری ڕووت وەک بێڕێزی لە ئاست باوکانی هۆز و خاوەنی ئاوتۆریتەکانی خێڵدا لێکدەدرێتەوە، بەڵام هەر لە ساڵانی بیستەوە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا مرۆڤی سەرڕووت وەک مرۆڤێکی شارستانی و پێشکەوتوو لە قەڵەم دراوە. لە کاتێکدا قاچ ڕووت بە لنگ ڕووت ناوبانگی دەرکردوە و ئەمەش شێوازێک بووە لەسەرکۆنەکردن و ڕووشکاندن. بەگشتی لە نیگارە فۆتۆگرافیەکانی ئێمەدا، هەر لەساڵانی بیست و سییەوە تاکو کۆتایی پەنجاکان، مرۆڤی کورد لەبەردەم کامێرادا هەردوو دەستی بەملاولای خۆیەوە نووساندوە (کە چەندین هۆی دەروونی، کۆمەڵایەتی و شارستانیی خۆی هەیە)، بەڵام لە نیگارەکانی ساڵانی شەست بە دواوە نەک هەر دەست ئازادتر دەبێ، بەڵکو چاومان بە گەلێک سەر ڕووت و قۆڵ ڕووتیش دەکەوێ، ئەگەر چی هێشتا قاچڕووت کەمتر دەبینیین. هەروەها سینەی بەرجەستەبووی ئافرەت لە کولتووری ئێمەدا وەک نیشانەی پێگەیشتن و گەورەبوون و باڵقبوون تەماشای دەکرێ، بەڵام بەلەکی دەرپەریو یان سمتی بەرجەستە (بەتایبەت لای ئافرەتان) وەک نیشانەیەکی بەدڕەفتاری لێکدەدرێتەوە.

هەموو ئەمانەم بۆیە هێنایەوە تا پێشانی بدەم کولتوور ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بەرجەستەکردن و داپۆشین و ئازادکردنی ئەندامەکانی جەستەدا. دەستیش لەم دابەشکردنەدا هەم بەهۆی تۆپۆگرافیکەی و هەم بەهۆی ئەو وەسفە پۆزەتیڤانەی لەسەری دەکرێن، ئازادیێکی تەواوی هەیە لە جوڵە و چالاکیدا. ڕەنگە هەر لەبەرئەوەش بێت کە چاوەڕوانیمان لە دەست جیاوازتربێ لە چاوەڕوانیمان لە ئەندامەکانی تری جەستە، چونکە هێزی دەست و بازوو هێزی ئازادی و دروستکردنیشە. ژیان بە عەرەقی نێوچەوانی خۆشترە وەک لە دەرۆزەکردن:(دەستی ماندوو لەسەر سکی تێرە). هێزی دەست، هێزی بەرفراوانکردنی پانتاییەکانی ژیان و زۆرکردنی بوارەکانی ئەزموونە. بۆیە ئەو کەسەی نەزانێ چۆن دەستی خۆی لەسەر شانۆی ژیان بەکاربهێنێ، ناشبێتە مرۆڤێکی سەرکەوتو. واتە هونەرمەندانە ناژێ، چونکە لە بەکارهێنانی هونەرمەندانەی دەستدا بارانێکمان لە:(دەستان خۆش، دەستتان نەڕزێ و دەستمان لەگەڵ دەستتان بێ)، بەسەردا دەبارێ .بەڵام کاتێ نەتوانیین دەستمان هونەرمەندانە بەکاربهێنیین، ئەوە هەورەتریشقەکانی وەک:(دەستتان بشکێ، دەستان بڕزێ و دەستان هەڵوەرێ)،چەخماخە لێدەدەن.

### تەوقەکردن:

تەوقەکردن یەکێکە لە هێما بڵاوەکانی ڕێزگرتن لەناو هەموو کولتوورێکدا بەکاردێ و شێوەی تایبەتی جۆراوجۆری هەیە، لە جیهانی ڕۆژئاوادا لە کۆنەوە بە واتای ئەوە هاتووە، کاتێ کەسێ دەست درێژدەکات بۆ تەوقەکردن لەگەڵ کەسێکی تردا، ئەوە نیشان دەدات کە دەستی بەتاڵە و هیچ جۆرە چەکێکی کوشندەی پێ نییە بۆ بەرانبەرەکەی، دەست خستنە ناودەستی تەنیا مەبەستی دۆستانە و ڕێزە. هەندێ لە تۆژەران لەو باوەڕەدان کە تەوقەکردن لە ڕۆمانەکانەوە داهاتووە، ئەویش بەوەی لەکۆندا پاڵەوانە شەڕکەرەکان بۆ ئەوەی دەستیان لە بەرانبەرەکانیان گیربێ هەوڵیانداوە کە دەستی یەکتری بگرن تا هەلی پەلاماردان بۆ خۆیان ساز بکەن. هەروەها بە بۆچونی زۆر لە زانایان ئەو شێوە تەوقەکردنەی کە ئەمرۆ لە جیهاندا باوە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ دوو سەدە بەر لە ئێستا.

### جۆرەکانی تەوقەکردن

کاتێ دوو کەس تەوقە دەکەن، هەریەکەیان دەستی ڕاستیان دەخەنە ناو دەستی یەکەوە و پەنجەی کەڵەکانیان دەکەوێتە سەرەوە و لەپی دەستەکان بەریەک دەکەون و دەستی یەک بۆ سەر و خوار ڕادەوەشێنن. ئەمەش شێوەی ئاسای تەوقەکردنە لە زۆربەی کولتوورەکاندا و تاڕادەیەک هاوشێوەیە، بەڵام ڕاوەشاندنەکە لە ئەورووپای ڕۆژئاوا تەنیا یەک جارە و لە باشوری ئەورووپا و ئەمەریکای لاتینی زیاتر و بەهێزتر دەستی یەک ڕادەوەشێنن. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و لەلای هەندیک نەتەوە دەستی یەکتریش ماچ دەکەن. لەلای کوردیش ئەم جۆرە تەوقەکردنە هاوشێوەیە و لە بوارێکی تردا تەوقەکردن ڕۆڵێکی تر دەبینێ، ئەویشک کە لە کاتی مامەڵەکردن و کڕین و فرۆشتندا زیاتر بەرچاودەکەوێ، بە تایبەتی لای جوتیاران و مەڕ و ماڵات فرۆشان کە لەکاتی مامەڵەدا، کڕیارەکە دەستی خاوەن ماڵەکە دەگرێ و هەوڵی ئەوەی لەگەڵ دەدات بەو نرخەی خۆی دەیەوێ ڕازی بکات، جا لەو کاتەدا دەبینی کە کڕیار بە توندی دەستی فرۆشیار ڕادەوەشێنێ و ئەویش بە پێچەوانەوە دەیەوێ دەستی خۆی لە ناو دەستی کڕیار دەربێنێ و بەم جۆرە دووپات دەبێتەوە تا دەگەنە ئەنجام بە بوون و نەبوون، زۆر جار کەسی سێیەم دەکەوێت بەینەوە و هەردوو دەستی مەچەکی کڕیار و فرۆشیار دەگرێ، کە ئەوانیش دەستیان لەناو دەستی یەکدایە، ئەمیش هەوڵدەدات ڕێکیان بخات، بۆیە مەچەکیان بۆ سەرەوە و خوارەوە ڕادەوەشێنێ و بە دەمیشیەوە بەرزونزمی نرخەکە هاوسەنگ دەکات. لە هەندێ وڵاتی ئەفەریقا وەک غانا، تەوقەکردن لە نێوان دوو هاورێدا وەک شێوەی ئاسای دەکرێ، بەڵام لەپی دەستیان لەیەک دەخشێنن و لە کۆتایشدا بە پەنجەکانی ناوەڕاست و پەنجەی کەڵە چەقەنەیەک لێدەدەن، ئەمەش لای ئەوان تەنیا بۆ هاوڕێی زۆر نزیک بەکاردێ.

جۆرێکی تر لە تەوقەکردن لە ئەفەریقا،بە تایبەتی لە نێوان کەسانی ئایینیدا زیاتر لەپی دەستی ڕاستیان لەیەک دەخشێنن.

لە ئەمەریکای باکور تەوقەکردن لە نێوان دوو هاورێدا،لەپی دەستیان دەدەن بە یەکدا و دوایی سەری پەنجەکانی یەکەم، دووەم، سێیەم و چوارەم لەیەک دەکەن. لە مەکسیک تەوقەکردنی ئاسایی لە نێوان دوو هاورێدا، پەنجە کەڵەی دەستی ڕاستی یەکدی دەگوشن. لە زۆربەی کولتوورەکەندا دوو هاوڕێ کە ماوەیەک بێ یەکدیان نەبینیبێ، لە دیدار و چاوپێکەوتندا زۆر بە گەرمی تەوقە لەگەڵ یەک دەکەن، کاتێ کەسێ یەکەم دەستی درێژکرد بۆ تەوقەکردن و لەپی دەستی ڕووی بۆ خوارەوە بێ،بەم شێوەیە دەوترێ تەوقەی زۆرەملێ، چونکە کەسی دووەم کاتێ کە دەستی هێنا بۆ تەوقەکردن دەبێ لەپی دەستی ڕووی بۆ سەرەوە بێ، ئەمەش دەستی پاڕانەوە پێشان دەدا، ئەم جۆرە تەوقەکردنە زیاتر لە نێوان پیاوانی بازرگاندا باوە و زۆرە ملێی تێدایە کە لە مامەڵەی بازرگانیەکەدا ڕەنگ دەداتەوە و کاریگەری تایبەتی هەیە. تەوقەکردن لە نێوان دوو کەسی هاوهێزدا، زیاتر بە شێوەی ئاسایی دەستیان دەخە ناو دەستی یەکەوە و پەنجە کەڵەکانیان هاوڕێک دەبێت و بەتوندی دەستی یەک دەگوشن، ئەم شێوەیەش لە ڕۆژهەڵاتی زیاتر باوە و نیشانەی دڵسۆزی و ڕێزە. دوو کەسی سیاسی، دوو بازرگان یان دوو هاوڕێی دێرین، ئەگەر بۆ ماوەیەک بێت یەکتریان نەبینیبێت، کاتێ کە تەوقە دەکەن بۆ ڕێزلێنانی یەکتری دەستی ڕاست دەخەنە ناودەستی یەکەوە و بە دەستی چەپ دەدات لە پشتی دەستی، یان بە هەردوو دەست دەستی ڕاستی بەرامبەرەکەی دەگوشێ کە بەم جۆرە تەوقەیە دەوترێ (تەوقەی دەستکێشی) یان بە دەستی چەپ مەچەکی ڕاستی بەرامبەرەکەی دەگرێ. بە دەستی چەپ بازووی ڕاستی بەرانبەرەکەی دەگرێ کە هەست و سۆزی دۆستایەتی دەردەخات. بە دەستی چەپ قۆڵی بەرانبەرەکەی دەگرێ کە زیاتر بۆ دەربرینی هەستی خۆشەویستیە لە نێوان دوو برادەردا، دەستی چەپی دەخاتە سەر شانی ڕاستی بەرانبەرەکەی ،ئەمەش لە نێوان دوو کەسی نزیک بەیەک یان دوو هاوڕێ و دوو کەس کە خزمایەتیان هەبێ. تەوقەکردن وەک هێمای کەسایەتی خەباتگێرو تێکۆشەرە. بە گوێرەی تەوقەکردنی پیاوان لەگەڵ ژناندا لە ئەوروپادا زۆر ئاساییە، لە کاتێکدا لە زۆربەی وڵاتانی ژێر داب و نەریتی ئیسلامی کارێکی دەگمەنە و لە هەندێ شوێن قەدەغەشە. هەروەها جۆرێکی تری تەوقەکردن کە لەوانەیە زۆربەمان تووشی ئەو کەسانە بووبین، کاتێ تۆ زۆر بە گەرمی دەچیتە پێشەوە و دەستت درێژ دەکەیت بۆ تەوقەکردنێکی گەم و گوڕ، کەچی ئەو زۆر بە ساردیەوە دەستی دێنێ و تەوقەیەکی ساردوسرت لەگەڵ دەکات،ئەم جۆرە تەوقەیە لە کولتووری ڕۆژئاوایدا بە (ماسی مردوو)ناوی دەرکردوە، واتە دەستی کەسە ساردەکە دەچوێنێ بە ماسیەکی مردوو کە هیچ جوڵە و گەرمی و گوریەکی تێدانییە.

ئامادەکردنی: یادگار کەریم

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com